www.kurdistannet.org
17/04/2002 00:43

# ئەمرۆ بومەلەرزەیەك ئیتالیای لەرزاند..!

موزەفەر عبدالله
MUZAFAR@OPTUSNET.COM.AU

ئەمرۆ لە كات ژمێر حەوتی بەیانی یەوە تا ٢-٣ پاش نیوەرۆ بومەلەرزەیەك سەرجەم شارە گەورەكانی ئیتالیای گرتووەو دەسەڵاتی حكومەتی ڕاستی بیرلیسكونی لەرزاند.ئەم بومەلەرزەیە بومەلەرزەی كریكاران بوو بە رابەری سێ سەندیكای گەورەی كرێكاران لە ئیتالیا و بە بەشداری نزیك بە بیست ملیۆن كەس لە كرێكاران و كۆمۆنیستەكان و خەڵكی ئازادیخواز.هەڵبەت ئەم مانگرتنە ملیۆنی یەی ئەمرۆ كە دڵی سەرمایەی ئیتالیای گوشی ئیدامەی ئەو مارشە مەزنە بوو كە لە شاری ڕۆما لە ٢٣ ئازاری ئەمساڵ بە رابەری سەندیكای جی جی ئیلْ ساز درا. خواستی ئەو كات و ئێستایان بریتی یە لە ئیلغا كردنەوەی بریاری دەوڵەتی ڕاست سەبارەت بەوەی كە خاوەن كار دەتوانێ بە ئارەزووی خۆی كرێكار كار پێ بكات یان دەر بكات بە بی هیچ بیمەو ڵی پرسینەوەیەك.ئەوكات لە مانگی ئازار دا لەبەرامبەر ئەم خۆپیشاندانە مەزنەی كرێكاران بیرلسكونی ڕای گەیاند كە هیچ هێزێك پاشەكشە بەم بڕیارەی دەوڵەت ناكات، چونكە بە قسەی سەرەك وەزیران و سەرمایەداران، بۆ ئەوەی گەشەی ئابوری لە هەموو ڕوویەكەوە بگاتە ئاستی ووڵاتانی پیشكەوتو تری ئەوروپا دەوڵەت پێویستە ئەم ریفۆرمانە بكات.بەڵام وادیارە دەوڵەت لەو بڕیارەی پاشەكشەی نەكرد بۆیە كرێكارانیش دەستیان دایەوە بەم ناڕەزایەتی یە بەرینە كە بە گوێرەی هەواڵەكان زیاتر لە بست ساڵە لە ئیتالیا مانگرتنی وا گەورە ساز نەدراوە. دیارە خواستی ئەمرۆشیان بە هەمان شێوە ئەوەبوو كە دەبێت دەوڵەت دەست لە ئیلغا كردنی بەندی ١٨ یاسای كار هەڵگری كە لەغو كردنەوەی ئەم بەندە گورزی كوشندەیە لە كرێكاران.

لە ڕوویەكی ترەوە هە ر لە ئێستاوە كرێكاران و سەرجەم ڕێكخراوە چەپەكان بۆ یەكی ئایار خۆیان ئامادە كردووە تا بە مارشێكی مەزنتر هەستن.شایانی باسە هەمان حكومەتی ڕاست لە ساڵی ١٩٩٤ بە هۆی ناڕەزایەتی كرێكارانەوە ناچار كرا دەست لە كار بكێشێتەوە و وەلانرا. بەڵام ئێستا دووبارە لە هاتنەوە سەركاری دەیەوێ هەمان بەرنامەی سیاسی و ئابوری خۆی بەڕێوە بەرێت كە لە حاڵەتی سەركەوتنی لەم بەرنامەیە گەورەترین گورز لە كریكاران و یەكێتی یەكانیان و ڕابەرانیان دەوەشێنێ، كە جگە لە بێكاری سەرسورهێنەر كە خودی ئەم ووڵاتە گیرۆدەی بووە ئەم بێكاری یە زیاتر دەكات و ئاستی گوزەران زۆر زیاتر دێنێتە خوارەوە.هەڵبەت خۆ ئامادە كردنی كرێكاران و كۆمۆنیستەكان بۆ یەكی ئایار ڕۆژی جهانی چینایەتی كرێكاران تەنها بۆ یەدی هێنانی ئەم خواستە نی یە. بەڵكو لە پاڵ ئەم خواستەدا چەندین خواست و دروشمی تر بەرز دەكرێتەوە هەرلە دروشمی دژی شەڕو تیرۆر تا دژایەتی عەولەمەو سیاسەتەكانی ئەمریكا لە هەموو ڕوویەكەوە.

بەڵێ ئەمرۆ ملیۆنان ملیۆن كەس لەم سەرزەمینە ئەم بومەلەرزەیەی كرێكارانیان بینی كە چۆن ژێر پێ ی سەرمایەیان لەگۆشەیەكی بچوكی ئەم جهانەدا لەرزاند. جا با بیهێنینە بەرچاومان ئەگەر هەر ئەمرۆ ئەم چینە مەزنە ڕێكخراو بوایە نەك بە تەنها لە سەندیكادا بەڵكو لە حزبی كۆمۆنیستی خۆیاندا و وە ئەو حزبەیان شۆرشی سۆسیالیستی لە دەستور دابوایەو لە هەوڵێ بەدی هێنانی دەسەڵاتی چینی كرێكار دابوایە ئاخۆ جارێكی تر نەك هەر ئیتالیا بەڵكو هەموو جهانی نەدەلەرزاند ؟؟!!.هەر وەك چۆن جهان بۆ ماوەی دە ڕۆژ لە ئۆكتۆبەری ساڵی ١٩١٧ لەرزی.

بە ڕاستی ئەم مارشە مەزنانەی لەم چەند ساڵە لە زۆر گۆشەو سوچی جهان بەرێ خران لە لایەن كریكارانەوە سەرەڕای هەر لاوازی یەكیان نیشانەدەری ئەوەیە كە هەموو ئەو چیرۆكانەی كە سەرانی سەرمایە لە ماوەی ١٠-١٥ ساڵێ ڕابردوو دوای هەرەسی بلۆكی ڕۆژهەڵات گێڕایانەوە بۆ مرۆڤایەتی سەبارەت بە كۆتایی هاتنی مێژوو جگە لە ئەفسانە زیاتر هیچی تر نەبوو.بەڵكو ڕێك بە پێچەوانەوە ئیتر ئەوە سەرەتای دەورەیەكی ترە لە خەباتی كرێكاران لە دژی سیستەمی سەرمایەداری.

www.kurdistannet.org
17/04/2002 00:43
**بەڵام ئەوەی دەبێت لە ڕێگای ئەم خەبات و نارەزایەتیانەی کرێکاران پاك بکرێتەوە ئەو خڵت و خاڵەیە کە بەری بە ئاسۆی ئەم خەبات و نارەزایەتی یە گرتووە.وە ئاسۆو سیاسەتێکی سۆسیالیستی سایە بکاتە سەر ئەم خەباتە.**

**٢٠٠٢-٤-١٦**

©Kurdistan Nêt